# پەیڤێك بۆ كۆماری كوردستان و لە سێدارەدانی
# ,, پێشەوا قازی محەمەد،،

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

ئەگەر تەماشای جولآنەوەی رزگاریخوازی كورد بكەین لە سەدەی رابـردوودا یـەكێك لـە پێنگـاف و هـەنگاوە مەزنـەكانی ئـەو جولآنەوەیـە دروست بـوونی ( كۆمـاری كوردسـتان )ە لـە مـەهاباد ( سـابلآغ ) ، كـە وەك ئەستێرەیەكی دروشاوە رێگای ئازدی و رزگاری رۆشن و رۆشنتر دەكات ، هەردوو جەنگە جیهانیـە بەگـشتی و جەنگی دووەمی جیهانی بە تایبەت تەنانەت دوای بڕانەوەی ئەو جەنگە جیهانیە جارێكی تر بووە مایەیەی شێواندنی نەخشە و سنورەكانی دەولّەت و ولآتان .

ئەو رێكەتنامە نێو دەولّەتی و جیهانیانە كە بە سۆنگە و مەبەستی كۆتایی هـاتنی شـەڕ گرێـدەرا و هاوكـات بۆ ئەوەی لەسەر شێوازێكی نوێ نەخشەی جیهانی لەسەر دادەمەزرێنن تاكو ئەگـەرەكانی هەلّگیرسـانەوەی شەڕ دوور بخەنەوە، لەو كات و وەختە چارەنوسسازانەدا گەلآن و نەتەوە زولّم لێكراوەكـان كەوتنـە خـۆ بـۆ ئەوەی لە سێبەر و سایەی ئەو رێكەوتنانەدا بتوانن مافی چارەنوسی نەتەوەی و سەروەریەتی خۆیـان زامـن و دەستەبەر بكەن ، دوای دامركاندنـەوەی كـەفو كـولّی ئـەو مەرگەسـات و شـەڕە خـوێن لـە بـەر رۆیـشتوە جەنگێكی نوێ هاتە ئاراوە وەكو ئەلتەرناتیفێك جێگای ئەو كوشـتار و كاولكاریـەی گرتـەوە كـە نوسـەران و سیاسەتوانان بە جەنگی سارد ناو زەدیان كرد ، ئـەو شـەڕە تازەیـە دەروازەیـەكی نـوێی بـە رووی جیهانـدا كردەوە كە هەر جەمسەرێك هەولّی دەدا لە پێناو دەسكەوت و بەرژەوەندیەكانی خۆیـدا نفوسـی دەسـەلآتی خۆی زیاد بكات لە سەر حیسابی ئەوی تر تاكو لە ئایندەدا گرەوی مەیدانەكە بباتەوە ، بە حـوكمی ئـەوەی نەتەوەی كورد هەمیشە و بەردەوام و بێپسانەوە و بیّ دابـڕان لـە كۆشـش كـردن و قوربانیدانـدا بـووە بۆیـە بێئاگا نەبووە لە پەرسەندن و رووداو و هاوكێشە سیاسیەكان و لە هەر سەردەم و دەرفەتێكدا كە دەرفـەتی بۆ رەخسا بێت و بۆی لوابێت تیری خۆی بەرە نیشان هاویشتووە كە بریتیە لە چیّ كردن و دروست كردنـی دەولّەتی نەتەوەیی بۆ میللەتی كورد .

پێـشەوا قـازی محەمـەد وەكـو رابـەرێكی ئـەو سـەردەمە لەبەشـێكی كوردسـتاندا هـەولّ و تەقـەلاكانی لـە دروستكردنی كۆماری كوردستاندا بەرجەستە كرد و هیوا و ئومێدی كوردی گەیاندە مـەنزلّ و قۆناغـە جـیّ ، هەرچەند ئەو كۆمارە تەمەنی كورت بوو بەلآم درێژ بوونـەوەی ئـەو هـزرە نەتەوەیـە رەنگدانـەوەی لـە سـەر بیری نەتەوەیی تاك و كۆی كۆمەلّگای كوردی هەبووە كە لەو ئـان و سـاتەدا بەشـێكی خـەلّكی شۆرشـگێری باشوری كوردستان بە فەرماندەی ( جەنەراڵ مەلا مستەفای بارزان ) چوونە مەهاباد بۆ پالّپـشتی و بـەرگری كردن لەو كۆمارە و تاكو ئێستاش ئەو بیرو هزرە نەتەوەیە كاریگەریەكـەی بەردەوامـە و پانتایـەكی فراوانـی لە بیری نەتەوەی كۆمەلّگای كوردی دابڕ كردووە و بووەتە مایەی گەشـاندنەوەی هیـوای كـورد بـۆ دروسـت كردنی كۆمارێكی سەربەخۆ ، لەو سەروەختەوە دروست بوونی كۆمارێك بـۆ كوردسـتان بەشـێكی گرنگـە لـە ستراتیژیەتی تەواوی پارت و رێكخراوە سیاسیەكانی گشت بەشەكانی كوردستان ، هەرچەندە قەلّەمڕوی ئەو

کۆماره بەشێکی سنور و جوگرافیای کوردستانی گرتەوه بەڵام مەغزا و رەهەند ومانا و مەدلولێکی گەورەی هەبووه ، جیا لە میرنشینە کوردیەکانی سەدەکانی پێشوو ئەم کۆماره ئاڵا و نەخشەی کوردستانی دامەزراند ئەو ئاڵایەی کە ئێستا ئێمه بەسەر سنگمانەوەیه و لە سەر پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەشەکێتەوه پێش شەست ساڵ لەمەوبەر لە کۆماری کوردستان لەلایەن قازی و یاوەرانی بۆ ئەو کۆماره هەڵیان کرد و پەیامێکیان بە جیهاندا راگەیاند کە میللەتی کورد شایستەی ئەوەیە کە خاوەنی ئاڵا و سنوری خۆی بێت و خاوەنی تەواوی سەروەریەکانی خۆی بێت .

تەسلیم بوونەوەی قازی بە داگیرکەران لە پێناو ئەوەدا بوو کە رژێمی شاهناشی ئێران بە شێوەی رەشەکوژی و کۆکوژی دەست نەکەن بە قەتڵ و عام کردنی خەڵکەکە چونکە گەر پێشەوایان دەست نەکەوتایە ئەوا بە کوشتنی هەزاران رۆڵەی ئەو شارە تەسکینیان نە دەهات و دڵیان ئاوی نەدەخواردەوە بۆیە پێشەوا قازی محەمەد بۆپاراستنی گیانی خەڵکی پەتی سێداره و روو بە روو بوونەوەی لەگەڵ مەرگدا بۆ خۆی هەڵبژارد ( ئەمەیە گەورەی ).

قازی محەمەد لە 31/ 3 / 1947 لە پێناو مافە مرۆی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورددا چووە بەر پەتی سێداره و لە چوارچرای شاری مەهاباددا تاجی نەمری لەسەرنا ، قازی چۆن لە ژیاندا جوامێرانە و مەردانە ژیا ئاواش لە مردندا سەربەرزانە چووە بەردەم پەتی سێداره و تەنانەت دوژمنان واقیان ورما و حەپەسان لە بوێری ئازایەتی ئەو سەرکردە مەزنە کە بۆ نەتەوەکەی گیانی خۆی بەلاوە گرنگ نەبوو ، گفت و بەڵێنی پێشەوا بە جەماوەر ئەو بوو کە ژیان و مردن هەر لە پێناو ئەواندا بێت بۆیە پەیمان و گفتەکەی خۆی جێبەجێ کرد بەو مردنە ناوی چووە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووەوە، هەرچەند لەو سەروەختەدا چۆڵەوانیەکی فراوانی لە گۆڕەپانی بزافی رزگاریخوازی کورددا بەجێهێشت بەڵام پاراستنی ئەو ئاڵایەی بە بارزانی نەمر سپارد ، هەقە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو خەبات و بەرخودانەی قازی محەمەد و تێکۆشەرەکانی تری گۆڕەپانی بزافی رزگاریخوازی کورد بە چاو و دیدێك تەماشا بکات کە ناوەندێکی گرنگ بن بۆ قوڵکردنەوەی گیانی نەتەوایەتی و بە هێز کردنی ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوایەتی بۆ ئێستامان و نەوەکانی داهاتوو ، مەبەستم ئەوەیە لە زانکۆیەکی کوردستاندا بەشێك هەبێت بۆ دیراسە کردن و لێکۆڵینەوە لەو خەبات و تێکۆشانانەی کە کەڵە سەرکردەکانی کورد لەپێناو میللەتەکەیاندا کردیان و لە ژیان و مردندا درێغیان نەکرد ، نابێت ئێمە تەنها چاومان لەوە بێت دەوڵەتێکی بیانی ئەو کارەمان بۆ ئەنجام بدەن ، بەڵکو دەبێت خۆمان ئەو کۆششە بکەین تاکو لاپەڕەکانی مێژوومان بە پرشنگداری بمێنێتەوه .